# کوردستان
# پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و نەریت و خووە کۆمەڵایەتییە دێرینەکان



ن/ محەمەدی مشیر
Muhammad_mushir@yahoo.com

هەڵسەنگاندنی ئەو ئەزموونە ساوایەی کۆمەڵگەی کوردستان ماوەی پازدە ساڵێکە بە خۆیەوە دەبینێ لە بواری کۆمەڵایەتی و مەدەنیەتەوە کارێکی سەختە بۆ یەکێ پسپۆڕ و شارەزا نەبێ ، وەڵێ لە کاتێکدا کە ئەوان وەکو پێویست ئەزموونەکە نەخەنە بەر باس و لێتوژینەوە ئەوا رەنگە یەکێکی وەکو بەندە بە ناچاری چەند سەرە قەڵەمێك لەمبارەیەوە بنوسێ بەو ئومێدە کە زەنگێکی بە ئاگاهێنانەوە بێت بۆ پسپۆڕو شارەزایان لەم بوارەدا.بۆیە سەرەتاو پێشوەخت پۆزش لەوان و لە خوێنەران دەخوازم و هیڤیدارم بە سینگێکی فراوانەوە لێمی قەبوڵبکەن .

سەرەتا بە پرسیارێك دەروازەی وتارەکەم والآ دەکەم کە بریتیە لە :

**دەکرێ باس لە پرۆسەی مەدەنیبوون وگۆڕانی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەی خۆماندا بکەین لە کاتێکدا لە زۆرینەی رەفتارو کردارەکانماندا هێشتا پابەندی هەمان ئەو نەریت و خووە کۆمەڵایەتیانەیین کە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی هۆزگەری و خێڵەکی و تیرە گەری ؟**

رۆشنە گۆڕانی کۆمەڵایەتی و هەنگاونان بەرەو مەدەنییەت لە هەر کۆمەڵگەیەکدا هەروا بە سانایی و (کن فیکن)ێك،نایەتەدی بەڵکو دەرەنجامی کەڵەکەبوونی مەعریفی و هۆشیاری و بەرزبوونەوەی ئاستی رۆشنبیری وزانستی ئەندامانی دێتەدی، کە ئەمەشیان بەرەنجامی تێپەڕینی سروشتیانەی کۆمەڵگەیە بە قۆناخەکانی گەشەکردن

و بەرەوپێشچوونی خۆی لە تێکڕای بوارەکانی ژیانیدا وپەیوەندیەکی دیالیکتیکیانە بە یەکیانەوە گرێدەدات.کۆمەڵگە لە گەشەکردن و پێشکەوتنی سروشتیانەی خۆیدا کۆمەڵێك بەها لە بوارە جیاجیاکانی ژیاندا دێنێتە بەرهەم کە جیاوازن لە گەڵ ئەو بەهایانەی لە دۆخێکی ناسروشتی و لە ژێر کارایی چەند فاکتەرێکی کتوپڕی دەرەکی و نامۆدا دێنە بەرهەم. لە دۆخە سروشتییەکەدا کۆمەڵگە هۆشیارانە رەفتار لەگەڵ بەها تازەکاندا دەکات چونکە دەرهاویشتەی ئەزموونی کەڵەکەبووی خودی خۆین و هەر خۆشی بە باوەڕەوە بەرهەمی هێناون و خۆبەخشانە داکۆکیان لێدەکات، بەڵام لە دۆخە ناسروشتییەکەدا کۆمەڵگە هەر وا بە ئاسانی بەها هاوردەو نامۆکان پەسەند ناکاو هاوکات بە سەختیش دەسبەرداری بەهاباوەکانی خۆی دەبێ چونکە دەرەنجامی گۆڕانێکی میکانیکی خێراو کتوپڕ پەیدابوون ، کەواتە کۆمەڵگە لەم حاڵەتەدا نائاگایە و لەدەرەوەی بەها هاوردەکان بووەو خۆی وەك پرۆسێسێك پێیاندا رەت نەبووە، و نائاگاییش جگە لە پەرچەکرداری توندوتیژو پابەندبوونی زیاتر بە نەریت وخووە کۆمەڵایەتییە دێرینەکان هیچی تری لێناکەوێتەوە .لە دۆخی یەکەمدا (تاك) وەك بوونەوەرێکی هۆشمەندو داینەمۆی کۆمەڵایەتی بەرگی گۆشەگیریی تاکایەتی بە هۆشیارییەوە فرێدەداو دەبێتە ئەندامێکی کارای پرۆسێسی گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بەشدارێکی ئەکتیڤ لە بەرەوپێشبردن و گۆڕینی کۆمەڵگاکەیی و داکۆکیکی کارێکی هۆشیار لەو بەهایانەی کە خۆی لەو پرۆسێسەدا بەرهەمیان دێنێ، بەڵام لە دۆخی دووەمدا (تاك) هەر ئەو تاکە دەمێنێتەوە کە پابەندە بەو بەها کۆنانەی کەپێشتر لە پرۆسیسی کۆمەڵایەتیدا بەشداربووە لە بەرهەمهێنانیان و بەوانیشەوە پەروەردەوگۆشکراوە . بۆیە بەرامبەر هەر هەوڵێکی تازە لە تێکشکاندن وداڕشتنەوە و گۆڕینیاندا کاردانەوەی توندی دەبێ و نابەشدارە لە گەشەپێدانی بەها تازەکاندا، بەمەش دەبێتە کۆسپ و پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەختتر دەبێ و ماوەیەکی درێژتریش دەخایەنێ و درەنگتریش بە مەدەنییەت دەگات.

تاکی ئاگا بە پێی پێداویستییە تازەکانی سەردەم ویستخوازانە دەسبەرداری نەریت و خووە دێرینەکانی کۆمەڵگا بووە ، دەرەنجام ئاراستەکردنیشی ئاسانترە. تاکی نائاگا نە دەسبەرداری خووە کۆنەکانی دەبێ نە بە ئاسانیش باوەڕی بە گۆڕان دێ ، دەرەنجام ئاراستەکردنیشی سەختترە.

کۆمەڵگەی ئێمە بە درێژایی ئەو پازدە ساڵەی رابردوو، بە داخەوە زۆرینەی تاکەکانی هەمان ئەو تاکانەن کە زیاتر دەکەونە خانەی دۆخی دووەم ، چونکە لە راستیدا رۆڵێکی ئەوتۆیان نەبووە لە هێنانەکایەی پرۆسیسەکە و هەروەکو ئاماژەشمان پێکرد لە دەرەوەی پرۆسیسی گۆڕانە کۆمەڵایەتیەکاندا بوون و ،(ئەمە لە کاتێکدا ئەگەر باوەڕمان وابێت کە ئەو پرۆسێسە بە شێوەیەك لە شێوەکاندا لەوەتەی بەهاری ساڵی 1991 ەو دەستپێکردووە و فاکتەرێکی کتوپڕی دەرەکی خوڵقاندوویەتی نەك هێزە کۆمەڵایەتییەکانی ناوخۆ) ئەو برە ئازادی و سەربەخۆییەی وەك پێکهاتەیەکی سەرخانی بێ نوێبوونەوەو گۆڕانێکی سست و هەستپێنەکراوی ژێرخان  کە ئێستا بە خۆیانییەوە دەبینن لەلای ئەواندا بە شێوەیێکی گشتی جگە لە پەشۆکان و شێوانێکی هزری ، ئاکامێکی باشتری نەبووە ،کە ئەمەش پابەندبوونی ئەوانی پتەوتر کردووە بەو نەریت و خووانەی کەپێشتر لە هزرگەی ئەواندا پێگەی تۆکمەو پتەویان داکوتاوە . هەڵبەتە ئەم دۆخە نەشاز و شێواوە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی ئێمەدا کۆمەڵێ هۆکاری لە پشتە کە نەك هەر تاك بە تەنیا ، بەڵکو سەرجەم پێکهاتە کۆمەڵایەتی و دامەزراوەیی و رێکخراوەییەکانی کۆمەڵگەش (هەر لە کاریزماوە بگرە تا دەگاتە هەموو ئەو دامەزراوانەی دەوڵەت و حکومەت پێکدەهێنن )، هاوکات کۆمەڵێ فاکتەری دەرەکی کە رۆشنبیریی و هوشیارییەکی قوتووکراومان بۆ دەنێرن ، لێی بەرپرسیارن و کەم تا زۆر رۆڵی نێگەتیڤانەی ئەوانی پێوە دیارە کە تاکەکان هەرلەودۆخەدا بمێننەوە و بگرە لە زۆر بواریشدا بەرەو دواوەتر بچن ،ئەگەرچی رووکاری فریودەرانەی مەسەلەکە وا نیشانی بدا کە گۆڕانێك یان پرۆسێسێکی گۆڕانی قووڵی کۆمەڵایەتی لە لای ئێمەدا روویداوە!!.

دوەڵەت ،حکومەت ، پەرلەمان، بەشداربوون لە پرۆسەی هەڵبژاردن،دیموکراسی،ئازادی، سەروەری یاساو دادی کۆمەڵایەتی...کۆمەڵێ بەهای شارستانین کە لەلای ئێمەدا تازەن و پێشتر تەنها لە نێو کتێبەکاندا تێیان هزریوین ، لە نێو خەیاڵداندا وێنامان کردوون و خەونمان پێوە بینیوون ، بۆیە ئەگەر ئەمڕۆ لە تێکڕای ئەو بەهایانە ووردبینەوە لە بواری پراکتیکدا هەست بە پەشۆکانێکی زەق و بەرچاو دەکەین کە بە هیچ شێوەیەك پەردەپۆش ناکرێ و ناشاردرێتەوە .زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگەی ئێمە لە هەمان روانگەو بازنەی پەیوەندی خێڵەکی و هۆزگەری دێرینیەوە دەڕواننە هەموو ئەو بەها شارستانییانەی ئاماژەمان بۆکردن و لە

چوارچێوەیاندا پێگەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی تازە بە هەمان کەرەستە کۆنەکان بۆ خۆیان دادەڕێژنەوە کە تەنها لە رووکاردا مەدەنییەتیان پێوە دیارە. شارستانیبوون بە کەرەستە و داهێنانە تازەکانی دژ بە شێوازی کۆمەڵایەتی خێڵەکی دەجەنگێ و فۆڕمەکانی تێکدەشکێنێ و لە ریشەوە هەڵیاندەتەکێنێ و بەندایەتی مرۆڤ لە لایەن مرۆڤەوە قەبوڵ ناکاو شێوازی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕێ. ئەو لە جیاتی سەرەك هۆزوخێڵ، سەرۆکی دەوڵەت وحکومەت و پەرلەمان دادەهێنێ ، لەجیاتی خێڵ و هۆزو تیرە و بنەماڵە و خانەوادە، کۆمەڵگە دەکاتە گۆڕەپان و ئاقاری جموجۆڵ و جوڵەی تاك ، لە جیاتی مەسڵەتی و سوڵحی عەشاییری، یاسا دەکاتە سەر پشك و لە جیاتی دیوەخانی ئاغاو بەگ و کوێخا ،دادگا دەکاتە سەنگی مەحەك، لەجیاتی نازناو ودرکەو ئەلقابی تایفەیی و عەشاییری ،ناسنامەی هاووڵاتیبوون دەبەخشێتە تاکەکانی ، لە جیاتی چەك و توندو تیژی ،قەڵەم و پێکەوە ژیانی ئاشتیانە فێرە تاکە باوەڕ جیاوازەکانی دەکات ،لە جیاتی تۆڵەو تۆڵەسەندنەوە گیانی لێبووردەیی فێرە تاکەکانی دەکات،لە جیاتی دەمکوت و سەرکوتکردن،مافی ئازادی و بیروڕای جیاواز بۆ ئەندامانی دابیندەکات... ئەمانەودەیان بەهای دیکە بەرهەمدێنێ ، بەڵام لە لای ئێمە پەیوەندییەکان لە گۆڕەپانی کۆمەڵایەتیدا بە جۆرێکی دیکە گوزارشت لە خۆیان دەکەن ، ئەویش ئەوەیە کە لە جیاتی مەدەنیبوون نەریت و خووە کۆمەڵایەتییەکانمان لە نێو خۆیدا بتوێنێتەوە خەریکە نەریت و خووە دێریەکانمان مەدەنییەت لە نێو خۆیاندا دەتوێنەوە و رامی دەکەن و بەرەو ئەو ئاقارەی دەبەن کە خۆیان دەیخوازن . عەلی وەردی لە (دراسة طبيعة المجتمع العراقی/منشورات ابن الجبير – ايران 2005/ ل 27 )دا دەڵێ:" دەوڵەت ململانێی نێوان خەڵك قەدەغە دەکاو وایان لێدەکات دەمارگرژی لە بیر بکەن " بەڵام ئەوەی لەو ئەزموونە ساوایەی خۆماندا بەدیدەکەین لە زەمینەی پراکتیکدا رێك پێچەوانە دێتە بەرچاو کە خەریکە دەمارگرژی دەوڵەت لاواز بکاو نەیهێڵێ ، بەو مانایە کە دەوڵەت کاریگەریەکی ئەوتۆی نەبێ بەسەر پڕۆسەی گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا و وردە وردە دەمارگرژی خێڵەکی و هۆزگەری و شێوازی دیکەی دەستەبەندی کۆمەڵایەتی جێگەی دەوڵەت بگرنەوە .هەروەکو وەردی جەختی لێدەکاتەوە " کەسی بەدەوی (البدو) لە ئازادی ناگات بە واتا شارستانییەکەی "چونکە " ئەو " لە کانگای دڵەوە حەز دەکا هەمیشە سەرکەوتووبێ نەك ژێرکەوتوو "( هەمان سەرچاوەی پێشوو ل

61 و 37 )، ئەمەش بەو مانایە دێ کە هەرچەند بەهاکانی هۆز و خێڵ و بنەماڵەو خانەوادە بەهێز بێت ئەو هێندەش دەوڵەت لاواز دەبێت ، بە پێچەوانەشەوە هەرچەند ئەم بەهایانە لاواز و بێهێزبن ئەو هێندەش دەوڵەت ،وەك بە هایەکی شارستانی،بەهێز دەبێت. بەهێزبوونی دەوڵەت(مەبەست دەوڵەتی دیفاکتۆیە سەبارەت بە کوردستان) لە سەر بنەماکانی مەدەنییەت لەم قۆناخەی ئێستای کۆمەڵگەی کوردستانیدا ،کە بە بۆچوونی من ئەزموونێکی تازەیەو لە واقعدا وەکو(**دەوڵەت لە ناو دەوڵەت** )دا دێتە بەرچاو، مەرجێکی سەرەکی و بنەڕەتییە بۆ سەرکەوتنی ئەزموونەکە و بە پێچەوانەشەوە پاشەکشەکردنی دەوڵەت لە بەرامبەر هێرشە بەردەوامەکانی ئەو لایەن و هێزە کۆمەڵایەتیانەی دەوڵەت لە ناو خۆیاندا دەتوێننەوە کارەساتێکە ئەگەر ئەمڕۆش نەبێ لە ئایندەیەکی زۆردووردا نا ،هەرەس بە ئەزموونەکە دێنێ و لە باری دەبات، یان لایەنی کەم بەرەو ئایندەیەکی ناڕۆشنی دەبات.